# مەرگی ئەوین ساڵی 2006

کە ساڵی 2006
یەکەم چرکەی دەستی پێکرد
لەگەڵ هەموو چرکەیەکدا
خۆشەویستیم
بۆ تۆی ئازیز زیادی دەکرد، دەستی پێکرد

ئەو کات ئێمە
لێک دابڕاو لە یەک دوور بووین
جەستەمان دوور لە یەکتری و
نیگای چاوان لەیەک دوور بوون
کەچی خەیاڵی ڕۆحمان
لە ئاسماندا، لە باوەشی ئەستێرەدا
دەست لە ملانی یەکتری بوون

کاتێکیش کە تەمەنی ساڵ
لە نیوەی نزیک بووەوە
من بە بێ تۆ
سەفەرێکی زۆر کورتم کرد
سەفەر بەرەو ئا ئەو شارەی
کە تۆی لە ئا مێزی خۆیدا، گەورەو گۆش کرد

دوای ساڵانێک لێک دابڕان
سەفەر بۆ لای دایکم، خوشکم، براکانم
دۆست و هاوڕێ و سەرجەم برادەرەکانم
سەفەر بۆ گشت ئەو جێیانەی
کە ڕۆژگارێک لەگەڵ تۆدا لەوێدا بووم
سەفەر بۆ گشت ئەو جێیانەی
تیایدا لە نیگای سیحری چاوانت تێر نەدەبووم

تەمەنی ساڵ تاکو دەهات هەر کورت دەبوو
بۆیە ئیتر
دڵ و جەستەو یادگاریمان
بڕیاریاندا
چیتر لە یەکتر دوور نەبن
بڕیاریاندا
کە لە کەناری دەریادا
لەگەڵ وورده شەپۆلەکان ئاوێزانی یەکتری بن

که لەکەناری دەریادا
بۆ یەکەم جار لە باوەشی یەکترا بووین
وورده ماچمان دابەش دەکرد
ئەوینمان
لە گەڵ سەمفۆنیای سرووشتدا سەمای دەکرد
وورده شەپۆلی ناخ دەریا
خێرا خێرا هێند فزوڵ بوو
بەرەو ڕووی ئێمە دەهات و
گوێشی بۆ ئێمە شل دەکرد
ورده شەپۆل
هێنده بەماچی ئەوینی ئێمە
دڵخۆش و سەرسام بوو
هەتاکوو ئەویش وای لێهات
ماچی بەدری کەناری دەریاکەی دەکرد
ئەو ڕۆژانە، ئەو شەوانە ی
پێکەوە بووین، هێنده خۆش بوون
بە تەنیا خەیاڵی شیعرم
بەفرمێسکی پێنووسەکەی وێنەی دەکرد

لەو کاتەی ساڵ
دوا هەنگاوی تەمەن دەنێ
ئەوینمان
لە تابووتی ساڵی 2006 دا ڕاکشاوە
لەبری جاجم
بە پەردەیەکی ڕەنگ تاریک
ڕەشی قەتران داپۆشراوە

لە سەر شانی
یادگاری و گومان
ڕۆژەکان و چرکەکان
وا بەرەو گۆڕستان دەبرێ
وەکو چۆن ساڵ
بەیەک چرکە دەستی پێکرد
ئاواش
لەگەڵ دوا چرکەیدا
تەرمی ئەوین
بە خاکی گۆڕستانی ساڵی 2006 دەسپێردرێ
لە و گۆڕەیدا، تاهەتایە ئارامی بۆ جێدەهێڵرێ

لەسەر کێلی گۆڕی ئەوین
ئائەم چەند دەنووسرێ:

پێش ئەوەی کە ئەوین بمرێت
نە دەبوایە هیچ پرسیارێک
بە کراوەیی و بەبێ وەڵام جێهێڵرایە
بەڵکە دەبوایە
هەموویان وەڵامی خۆیان هەبێت و
بەخاڵێکیش کۆتاییان بهاتایە

یاسای سرووشت وای داناوە
ئەشقی ڕاست و پاک و بێگەرد
هەمیشە بێ ئەنجام ماوە
گەر ئەوین
تەمەنی کورت بێ، گەر درێژ بێ
لە دوا جاردا هەردەم بە خاک سپێردراوە

ڕزگار گوڵەباخ
بەرلین 27.12.2006
golabach@yahoo.de